## راغب عەلامە:

# زمانی کوردی بۆ من زەحمەت نییە و ئاساییە گۆرانیی کوردی بڵێم



**رۆژی ٢٠١٣/٨/٢٤ هونەرمەندی ناوداری لوبنانی راغب عەلامە لە رێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە گەیشتە کوردستان و لەلایەن بەرێزان نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگارەوە پێشوازیی لێکرا، دوای گەیشتنی بۆ هەولێر سەردانی پارکی شانەدەری کرد**

هاوکات کۆنسێرتی هاوبەشی ژمارەیەك هونەرمەندی کوردی هەموو پارچەکانی کوردســـتان بەڕێوە دەچوو بۆ کۆکردنەوەی کۆمـــەك و یارمەتی بۆ ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردســـتان لە کەمپەکانی کەورگۆســـك و بەحرکە و قوشـــتەپە، هونەرمەند راغـــب عەلامە کە یاوەری نەوزاد هـــادی پارێزگاری هەولێر بوو پەیڤێکی کورتی پێشـــکەش کرد و تێیدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی ســـەبارەت بەم ســـەردانە و هاتنی بۆ کوردســـتان و سوپاسی بەڕێزان مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤـــان بارزانی ســـەرۆکی حکومەتـــی هەرێمی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە ناوبانگی بەڕێزیان سنووری کوردستانی تێپەڕ کردووە و ئێســـتا بووەتە یەکێك لە کەسایەتییە ناسراوەکان لەســـەر ئاســـتی جیهان، هەروەها سوپاســـی نـــەوزاد هادی پارێزگاری هەولێری کرد بۆ ئەم پێشـــوازییە گەرمەی کە لێی کرد هەر لە فڕۆکەخانەوە دواتر لەسەر داوای جەماوەری ئامادە بووی کۆنســـێرتەکە کۆپلەیەکی بچووکی گۆرانییەکی خۆی پێشکەش کرد.  لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر لە پەیڤێکی کورتدا بەخێرهاتنی هونەرمەنـــدی کرد و هێمای بۆ ئەوە کرد کە هەموو خەڵکی کوردســـتان ئێستا ئاشنای راغب عەلامەن و دەیناســـن بەتایبەتی دوای ئەوەی لـــە میانەی بەرنامەی (عەرەب ئایدڵ ) بەردەوام پشـــتگیری و هاوســـۆزی خۆی بۆ گەلی کورد دەردەبڕی و ئاماژەی بە پێشـــکەوتنەکانی هەرێم دەکرد لە هەموو روویەکـــەوە. رۆژی ٢٠١٣/٨/٢٥ لە ئۆتێلی رۆتانا هونەرمەند راغب کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی ئەنجامدا بۆ دەســـتپێکردنی پڕۆژەیەکی نوێی نیشتەجێ بوون لە شاری هەولێر بەناوی (جیهان ستی ) کە چەند کۆمپانیایەکی کوردی و بیانـــی ئەنجامی دەدەن، لەم کۆنگرەیـــەدا هونەرمەند راغب عەلامە ئاماژەی بە هاتنی بۆ کوردستان کرد و وتی: بەشداریم هەبێ لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ئەو وڵاتەی کە زۆر دەرد و نەهامەتی و چەوســـانەوەی بینیوە بە درێژایی مێژوو، لێرەوە رێـــز و حورمەتم بۆ گیانی پاکی مســـتەفا بارزانی دەنێرم کە خەباتێکـــی بێ وچانی کرد بۆ ئەوەی کـــورد بگات بە خەون و ئاواتەکانـــی و پەیوەندی لەگەڵ گـــەل و میللەتانی جیهان دروست بکات بۆ خۆشگوزەرانی میللەتەکەی و هەموو ژیانی خۆی لەم پێناوەدا تەرخان کرد، حەز دەکەم ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ئەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی هەولێر و بەرپرسان بوو بەتایبەتی پارێزگاری هەولێر، بۆیە لە ناخی دڵەوە سوپاســـیان دەکەم، بەراســـتی من ناتوانم چۆن هەســـتی خۆم دەربڕم بۆ ئەم پێشـــوازییە، هەروەها سوپاسی بەڕێزان مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆکی حکومـــەت دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان بۆ رەخساندم، پەنا بە خوا ئەمە دوایین سەردانم نابێت، ئەم سەردانەم وەك سپۆنسەری پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوونە، بەڵام هیوادارم لە داهاتوودا سەردانی هونەریش هەبێت و بتوانین پردێك لەنێوانماندا دروســـت بێت و ئەم سەردانانە بەردەوام بن بۆ ئەوەی زیاتر ئاشـــنا بوون و تێکەڵی لەنێـــوان گەلی کورد و میللەتانی جیهان دروســـت بێت و خەڵك بێن و لە نزیکـــەوە هەرێم ببینن و ئاشـــنای ئەو پێشکەوتنە بەردەوامە بن کە هەرێم بەهۆی هەوڵی بەردەوامی بەرپرسانی بەخۆیەوە دەیبینێت، من هەمیشە پشتگیریم لە کێشـــەی رەوای گەلی کورد کـــردووە و بەردەوامیش دەبم لەو پشتگیری کردنە لەو میللەتە و شانازیش بەو پشتگیرییەی خۆم دەکەم بۆ میللەتی کورد، بۆیە لە دڵەوە حەز دەکەم بەشـــدار بم لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و سەر لەنوێ بونیاد نانەوەی ئەمەش وام لێدەکات خۆم بە خاوەنی پڕۆژەکە بزانم.

راغـــب عەلامـــە ئاماژەی بـــەوەش کرد کـــە زۆری لە بارەی کوردســـتانەوە بیســـتبوو، بەڵام هاتنی بۆ کوردستان و بینینی واقعەکـــە وەکو خۆی زۆر جیاوازی هەیە، بۆیە من حەزم کرد بە چاوی خۆم ئەو پێشکەوتنانە ببینم کە هەرێمی بەخۆیەوە بینیوە و ئەو هەنگاوانەی لە رێگای ئاوەدانی هاوێشتویەتی. لە میانەی کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەدا راغب عەلامە ئەوەشی خستە روو کە بەر لەوەی بەشداری لە هەر پرۆژەیەك بکات بڕیاری بە پەلە نادات و زۆر لە بابەتەکە ورد دەبێتەوە ئینجا بڕیار دەدات و لەم بارەیەوە زیاتر وتی: من هەمیشە پشتگیریم لە کێشەی رەوای گەلی کورد کردووە و پێمخۆشە کە لە نزیکەوە ئاگادار بم، لایەنێکی گرنگی رازی بوونم بە بەشـــداری کردن لەو پرۆژەیە ئەوەیە کە پرۆژەیەکە دۆستی ژینگەیە و بەشـــێکی زۆری ناوچەی سەوزایی تێدایە ئەمە مایەی خۆشـــحاڵیمە، بوونی من لە هەولێر بە مەبەســـتی بەشداریکردنە لە ئاوەدانکردنی زیاتری ئەم هەرێمە بەتایبەتی کە ئێستا هەولێر هەنگاو دەنێت بەرەو پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کارو چالاکی جۆراوجۆرمان دەبێـــت لەوانە ئاهەنگی هونەری لەگـــەڵ ژمارەیەك هونەرمەند وەك پروپاگەندەیەك بۆ پایتەختی گەشـــتیاری ساڵی ٢٠١٤. لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە کارە هونەرییەکانی لە کوردستان وتی: پەنا بەخوا پلانێکمان هەیە بۆ رەخســـاندنی زەمینەیەك بۆ



ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری و لەگەڵ چەندین کەسایەتی هونەری کۆبوونەوەمان دەبێت و هەوڵ دەدەین بە هەماهەنگی لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکە ژمارەیەك هونەرمەندی دیکە بهێنین بۆ کوردستان. دەربارەی گۆرانی وتن بە زمانی کوردی و بەشداری کردنی پەرواز حوسێن لە بەرنامەی ئەرەب ئایدڵ و ئایا هیچ پلانێکی دیاریکراوی هەیە وتی: من پێشتر دۆیۆم هەبووە لەگەڵ شاکیرا و ئاندی و چەندین هونەرمەندی دیکە وئەگەر لەگەڵ ئەو هەموو هونەرمەندە کارم کردبێت زۆر ئاساییە ئەگەر بە زمانی کوردیش گۆرانی بڵێم، لەو چەند وشە کوردیەی کە فێری بووم بۆم دەرکەوت کە فێربوونی زمانی کوردی بۆ من سەخت نییە، سەبارەت بە بەشداری کردنی پەروازیش خۆشحاڵ بووم کاتێك زانیم کە لە هەولێر هاتووە و خۆی ماندوو کرد و چەند قۆناغێکی باشی بڕی، ئەمەش سەرەتایەکی باش بوو بۆ هەموو بەهرەمەندانی دیکە لە هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن، ئێستا ڕێگە لەبەردەمیان کراوەیە، جاران تەنیا بەشداربووان بە زمانی عەرەبی گۆرانییان دەوت ئێستا پەرواز ڕێچکەکەی شکاند.

لە وەڵامی ئەوەی ئایا ترسی ئەوەی نەبوو رووبەرووی رەخنەی عەرەب ببێتەوە بە هۆی ئەوەی بەردەوام پشتگیری خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕیوە و باسی کردووە وتی: من ئەگەر شتێك بڵێم لێی ناترسم.

# ریهانا ئۆتۆمبێلێکی ١٥ دەفتەری پێشکەش بە براکەی دەکات

لە ئاهەنگی ١٦ ساڵەی لەدایکبوونی براکەیدا، کچە گۆرانیبێژی جیهانی ریهانا ئۆتۆمبیلێکی سپۆرتی پێشکەش کرد کە نرخەکەی زیاتر ١٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکییە.

رۆژنامەی (دەیلی ستار)ی بەریتانی لەم بارەیەوە لە سەرچاوەیەکی نزیك لە ریهانای گواستەوە ریهانا ویستی لە ئاهەنگی لە دایکبوونی براکەی دیارییەکی نوێی پێشکەش بکات کە سوپویرایز بێت و ئۆتۆمبیلێکی سپۆرتی بە گونجاوترین دیاری زانی ئەگەرچی رەنگە لەبەر بچووکی تەمەنی نەتوانێت ئۆتۆمبیلەکە لێبخورێت و مۆڵەتیشی نەبێت، هەر لەبەر ئەمەش بوو کەسوکار و ئامادەبووانی ئاهەنگەکە تووشی سەرسوڕمان هاتن کاتێك دیارییەکەیان بینی، تەنانەت هەندێکیان ئامۆژگاریشیان کرد کە پێشکەش کردنی ئەم دیارییە لەو کاتەدا گونجاو نییە و دایکی دڵتەنگی خۆی دەربڕی و مەترسیی خۆی نەشاردەوە لەوەی کوڕەکەی لەم تەمەنەدا ئۆتۆمبیل لێ بخورێت رەنگە ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە بەهۆی ئەو هەموو رووداوو کارەسات هاتوچۆی کە روو دەدەن، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر پێشکەش کردنی دیارییەکەی.

ریهانا بەر لە تەواوبوونی ئاهەنگەکە ئۆتۆمبیلێکی مارسیدسی رەشی پێشکەش بە براکەی کرد کە بووە مایەی خۆشحاڵییەکی بێ وێنەی براکەی و نەیزانی چۆنی خۆشحاڵی خۆی دەرببڕێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناتوانێت تا دوو ساڵی دیکە و دەبێت تا تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ دایکی یان باوکی یان کەسێکی دیکە لەگەڵی بن.





# یوسرا: هاوسەرەکەم نایەوێ لەگەڵم دەرکەوێت

خانمە هونەرمەندی میسری یوسرا دووپاتی کردەوە کە ئەو وەك هەر ئافرەتێکی دیکە حەز بە مۆدە دەکات و بەردەوام بەدوای ئەو جلوبەرگانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ڕۆڵەکانیدا بگونجێن. لەوەڵامی هۆکاری گۆڕینی ڕەنگی قژی بۆ ڕەش وتی: هەمیشـــە حەز لە گۆڕانکاری دەکەم و بە شێوەیەکی گشتی زۆر رقم لە ڕۆتینی ڕۆژانەیە بۆیە قژم ڕەش کرد، هەروەها ڕۆڵم لە دوایین زنجیرە دراماداا وای دەخواست کە قژم ڕەش بێت، من هەمیشە دەمەوێ بەشێوەیەکی جوان و گونجاو دەرکەوم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جەماوەرەی کە ڕاهاتووە بەشێوەیەکی دیاریکراو بمبنێت، یوسرا ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو هیچ کاتێك لە تەمەن و پیر بوون نەترساوە، بەڵام هەر قۆناغێکی تەمەن گۆڕانکاری دروست دەکات و وا لەمرۆڤ دەکات شارەزایی لە ئەزموونەکانی پێشووتری وەربگرێت. یوســـرا کە بە یەکێك لە ئەســـتێرەکانی سینەمای میسری دادەنرێت دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەڵێت: پەیوەندی من و هاوسەرەکەم زۆر باشە و ژیانی هاوســـەرێتیمان پێی ناوەتە ١٦ ســـاڵییەوە، بۆیە پەیوەندییەکەمان تەنیا هاوسەرگیری نییە، ئێمە ئێستا بەر لە هەر شتێکی دیکە هاوڕێین، بەڵام ئەو حەز ناکات کە لەگەڵم دەرکەوێت و بەوە ڕاهاتووە کە لە بەردەم کامیراکان دەرنەکەوێت وخۆیشی هەر لە سەرەتاوە ئەم بڕیارەی داوە.

## ناعومی بە جوانترین شێوە دەردەکەوێت لە (شازادە دیانا)دا

هەرچەندە ماوەیەکی کەم ماوە بۆ ئەوەی فیلمی تایبەت بە ژیانی شازادە دیانا بڵاو بکرێتەوە و لە هۆڵەکانی سینەمادا نمایش بکرێت لە سەرتاســـەری جیهان، بەڵام لە ئێســـتاوە فیلمەکە بووەتە باســـی هەموو ئەو کەســـانەی گرنگی بە هۆکاری کوشتنی شازادە ویلز دەدەن.

ئێســـتا تەنیا پۆســـتەری فیلمەکە بڵاوبۆتەوە کە دروشمی سەرەکی بریتییە لە (ئەفســـانە تەنیا چیرۆکی تەواو نییە) وخانمە ئەکتـــەری جیهانی ناعومی واتس ڕۆڵی شـــازادە دیانـــا دەبینێت، لە کاتی پروپاگەندەی فیلمەکە ناعومی لە نزیك پۆستەرێکی فیلمەکە وەستا بوو، ناعومی بە ڕەچەڵەك ئوسترالی لە شێوەدا زۆر لە شازادە دیانا نزیکە.

فیلمەکە باس لە چەند ساڵی کۆتایی تەمەنی شازادەی وێلز و پەیوەندی لەگەڵ دکتۆر حەسنات خان دەکات کە هەندێك کەس پێیانوایە تاکە خۆشەویستی ڕاستەقینەی ژیانی بێت، ناعومی کە پێشتر دوو جار پاڵێوراو بووە بۆ خەڵاتی ئۆسکار ترسی خۆی نەشـــاردەوە لە پێشـــوازی کردنی جەماوەر لە فیلمەکە و کاریگەریی لەسەر جەماوەر.



## ئیشواریا دەبێتە بەرگی گۆڤارە جیهانییەکان




زۆر جار گۆڤـــارە جیهانییـــەکان بە دوای کەســـانی ناودار دەگەڕێن ئەوانەی لەســـەر ئاســـتی جیهانی خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و جەماوەریان ســـنووری وڵاتەکانیان تێپەڕ کردووە بۆ ئەوەی بیکەن بە بەرگ.

ئیشواریا رای هیندی یەکێکە لەو ئەستێرانەی کە هەمیشـــە گۆڤارە جیهانییەکان بەدوای وردترین زانیـــاری و هەواڵی دا دەگەڕێن و هەوڵی ئەنجامدانی دیمانەی لەگەڵدا دەکەن بۆ ئەوەی بیکەن بە بابەتی بەرگ و بتوانن بـــەو هۆیەوە خوێنەرانیان زیاد بکەن، چونکە ئەم ئەکتەرە شـــۆخ و شەنگە جەماوەرەکەی سنووری هیندســـتانی بەزاندووە و تا ئێستا لە چەندین فیلمی جیهانی بەشداری کردووە ســـەرەڕای ئەوەی کە بە کەســـایەتییەکی ناوبانگ و کاریگەر دادەنرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش.

زۆر لە گۆڤارە جیهانییەکان نەك تەنیا جارێك، بەڵکو جاری وا هەیە زیاتر لە جارێك بووەتە بابەتی بەرگیان، یەکێك لەو گۆڤارانەش کە ئیشـــواریای کردبـــوو بە بەرگ گۆڤـــاری (TIME)ی جیهانی بـــوو، ئەم گرنگی پێدانەی گۆڤارەکان بە ئیشـــواریا وای لێکـــردووە تا ڕاددەیەك جیاواز بێت و هۆکاری ئەم جیاوازییـــەش زیاتر بۆ جوانی چاوەکانی دەگەڕێتەوە، لەو بارەیەوە چەند پســـپۆرێکی جوانکاری دەڵێن چاوانی ئیشواریا کاریگەری لە هەزاران وشە زیاترە.

ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# زانکۆ

-٧-



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

ساڵی کۆتایی بوو و وارێکەوت تەنها مامەوە، برادەرەکانم حەزیان دەکرد لەگەڵیاندا بم، بەڵام بڕیارم دا بە تەنها بژێم دەمزانی لەو تەنیاییەدا دەرفەتی کۆشش و بیر کردنەوەم زیاتر بۆ دەڕەخسێ، گەڕام هەر لە دەوری گەڕەکی (قەمبەر عەلی) خانوویەکی باڵەخانەی دوو نهۆمی بە خشت دروستکراوی کۆن هاتە بەرچاوم، وتیان ئەوە ماڵی (ئوم مەهدییە) ژووری بەکرێدانی هەیە چاوم پێی کەوت، ژنێکی تەمەن سەروو حەفتا ساڵی قەڵەوی کورتە باڵا بوو،

لە بەرامبەر ماڵەکەی دوکانێکی گچکەی پەرپووتی پڕ لە وردەواڵەی هەبوو...

بە چاو و روویەکی پڕ لە میهر و نەواوە پێشوازی لێکردم، جامێ ئاوی لە شەربەکەی بۆ تێکردم و دایە دەستم پاشان بەرەو ماڵەکە پێشمکەوت، بە هەزار شەڕەشەق توانی ئەو سێ پلیکانەیە ببڕێ دەستێکی بە تاکێکی دەرگاکەوە گرتبوو و دەستەکەی دیکەی بە قۆڵی منەوە. چووینە مەملەکەتەکەیەوە و بۆنی شفتە سوورکردنەوە و شیولێنان و شڵپ وهۆڕی ئاوی سەر حەوزە بچکۆلەکە و ......

هاواری لە کوڕەزایەکی کرد : ئادەی عەباس لەگەڵ مامت سەرکەوە و ژوورە بەتاڵەکەی پیشاندە. نۆزدە پلیکەی بە خشت دروستکراوم بژارد و گەیشتمە سەرێ پۆلە کۆترێکی تەقڵەباز هەڵفڕین، دەرگای ژوورەکە خرابووە سەر پشت و پانتاییەکەی (٢م ×٣م) دەبوو، دەرگایەکی تەختەی هەر بەشێکی لە جۆرە تەختە و دارێك بوو، پەنجەرەیەکی گچکەی داری بە شیش تەنراوە زەویەکەشی بە خشتی چوارگۆشەی سوورەوە کراو پۆشرا بوو، لە نهۆمی خوارەوە دەنگی ژنەکە دەهات: کوڕم ئاپخانەکەی پیشاندە، منداڵەکە دەستی گرتم و لە پەنایەکدا شوێنێکی تەسك و تروسکی چەپەکی پیشاندام، هەر دەتگوت بۆ گورگە کردن و شاردنەوە دروستکرا بوو. هاتمە خوارەوە و پیرێژن بەرەو ڕووم هات، کە سەرنجم دا لەبەر قەڵەوی و پیری بە هەردوو لادا دەشەلی.

وتی: بە دڵت بوو؟

: بەڵێ یەکاو یەکە هیچ بەرای نییە.

: هەر بە دوو دینار و نیوم داوە، بەڵام بۆ تۆ با تەنها دوو دینار بێ.

: زۆر سوپاست دەکەم، دەچمەوە سلێمانی و کەلوپەلەکانم دەهێنم و دووسبەی دێمەوە.

هاتمەوە و بوومە نەفەرێکی مەملەکەتەکە، پاسەکانی سلێمانیش هەر لە نزیك ئەو ماڵە دەوەستان، هەر کە گەیشتم کەلوپەلەکانیان و شتەکانیان سەرخستم، دیارە گزکێ لە ژوورەکەدا بوو ئاوڕشێنیش کرا بوو. شتەکانم دامەزراند و بەرەیەکیشم پێ بوو رێك بە پشتی دەرگاکەدا هەڵمواسی و پەنجەرەکەشم داپۆشی.

تەباخێکی یەك چاویی گچکەی نەوتیشم هەبوو ئەویشم لای دەرگاکەوە دانا، هەر کە قاپییەکەم پێوەدەدا، ئیدی هەر خۆم و جیهانە خنجیلانە کپ وخامۆشەکەم دەمامینەوە، هەرکات لە ئەکادیمی دەگەڕامەوە پاش کورتە وچانێ بەرەو بەری (کەرخ) دەچووم، چایخانەیەکی کۆن لەسەر رووبارەکە هەبوو تا بڵێی دڵم پێی دەکرایەوە، ناوبەناویش قاوەی عەرەبییان دەگێڕا و خاوەنەکەی کابرایەکی بە ساڵاچووی تێکسمڕاوی گەنم رەنگ بوو، کوژراوی (رایز) بوو، ئەو رۆژەی براوە بوایە دڵی خۆش دەبوو، جاروبارە لەبەر خۆیەوە بەستە عێراقییە کۆنەکانی دەوت و قسەی خۆشی دەکرد و هەمووانی بەسەر دەکردەوە، ئەو رۆژەی بۆی نەهاتایە شەڕی بە خۆشی دەفرۆشت و رووی گرژ و مۆن دەکرد و لچی دەدا بە یەکاو و وەرامی سڵاو و سڵاو ئاساشی نەدەدایەوە.

کە لە لای پەنجەرە دارینییەکانی تەنیشت (دیجلە)وە دادەنیشتم وام دەزانی لە پاسە دارینییەکانی جاراندام، ئیدی شنەبایەکی شێداری فێنك ئارامیی بە گیانم دەدا، هەر لەو چایخانەیەش نانی ئێوارەم دەخوارد، جگەر یان گۆشت شیشی بە دە فلس بوو لەگەڵ سەموونی گەرم و پیاز و رێحانە کە پێوەی دەخورا، درەنگ وەختانێ دەگەڕامەوە، بەڵام مەملەکەت جمەی دەهات و هەرا بوو، لە نیو پلیکانەکاندا بادانەوەیەکی تیادا بوو، ژوورێکی درێژ هەروەك فارغۆنی شەمەندەفەر، دەرگایەکی گچکە و شوێنی ژمارەیەك مێردمنداڵی بۆیاخچی بوو، کورد بوون هەر یەکە و لە نەزمێ گۆرانی دەوت ئەوە پێی دەگوترێ گەرەلاوژێ، لە تەنیشت ژوورەکەی منیشەوە هەر شەو ناشەوێ دەبوو سووردان و چەقەنە و هەرا، شەوێ پرسم کرد ئەوە خێرە؟ وتیان ئێمە یاریزانی یانەی پۆلیسین ئەوە دایکمان سەردانی کردووین خوا پێم نەگرێ ئەو جۆرە دایکانە یان زوو زوو سەری دەدان و بەزمەکەی گەرم دەکردن.

ماوەیەکی پێچوو بەهار هات و ئەو خانووە بووە خانی ماست فرۆشانی هەولێری، دەیان مەنجەڵی گەورە بە حاڵ شوێنی هامشۆ کردنی دەهێشتەوە، ماست فرۆشەکانیش هەریەکەو بە بەتانی خۆیەوە لە هەیوان و سەربانەکە دەخەوتن، هاوڕێیەکانم بە مەیان زانی هەریەکە و بە دۆڵکەیەکەوە دەهاتن، لەو سەرەوە بە ماستی مەڕی بۆکزی هەولێرەوە دەڕۆیشتنەوە.

رۆژێکیان کە گەڕامەوە گوتم ناچمە دەرێ و مەشقی خۆم دەکەم لە شانۆی (ئۆتێللۆ)ی (شکسپیر) کارەکتەری (ئۆنیللۆ)، دەرگاکەم داخست و دەرگا و پەنجەرەکانی ئەو ژوورە ئەو دەمە و هەموو جیهان بە رێگای خەیاڵ چوومە رۆژانی ئەو دەمە و ئەو ساتەی (ئۆنیللۆ)وە یەك لە دوای یەك دایلۆگەکانم دەگوتەوە، هەرچۆن بینیم پێوە گرتوو و نابووم بە سەرمەوە بە زمانی عەرەبی بوو.( ئەگەر ئاسمان بیەوێ بە قورسترین بەڵا تاقیم بکاتەوە و چی ئازارو خەم و پەژارەیە بە سەرما دایبارێنێ و لە کلۆڵی کوێرەوەریدا نوقمم بکات و هەرچی دەروویەکی ئاسودەیی هەیە بە رووما دایبخات... دەتوانم دان بە خۆمدا بگرم.... بەڵام بەداخەوە ناتوانم ببمە پەیکەرێکی رەق و تەق، هەتا پەنجەی تانام ئاراستە بکرێ......

دەسا ئەی ئارامگرتن... ئەی ئەو فریشتەیەی لێوەکانت هەر دەڵێی پەردەی سوورەگوڵی، سەبارەت بەم دیمەنە ناڕەوایە بچۆرە بەرکێکی ترەوە و روویەکی تەڵخ و تاریك و دۆزەخ ئاسای بنوێنە.

(دێزدەمۆنا دێتە قسە کردن)

ئۆتێللۆ: ئەم لەشە نەرم و نۆڵە و ئەم بەژن و باڵا جوان هەڵچووە.. تۆ بڵێی بۆ ئەوە خولقا بێت سۆزانی پێ بکرێت؟ چیت کردووە هەی بێ ئابڕۆ؟ ئەگەر پێت بڵێم چیت کردووە، رووخسارم وەك کڵپەی ئاگر تاو دەسێنێ ( چ تاوانێکت کردووە؟ لە بۆگەنی ئەو تاوانە، ئاسمان لووتی دەئاخنێ و مانگ چاوی دەنوقێنێ و شنەی با خۆی نوقمی ژێرزەوی ئەکات... هێشتا دەڵێی چیم کردووە؟!

(بینراو بەرەو کارەساتی کوشتنی دێزدەمۆنا دەچێت)

گوێم لەو دەنگە دەنگ و هاتوهاوارە بوو کە لەو دیو دەرگاکەوە دەهات و لە نواندنەکەی کردم، کاتێکم زانی دەرگایان خستە سەر پشت و پۆلیس هێرشی هێنایە ژوورێ و دەرپەڕیمە دەرێ، هەموویان بە چاوی گومان و ترسەوە لێیان دەروانیم، تەنانەت (ئوم مەهدی) یشیان سەرخستبوو و هەموویان بە نیوە بازنەیی لێم کۆبوونەوە.

پۆلیس: ئەو ژنە کێ بوو کە دەتویست بیکوژی و چی لێهات؟

سالار: کاکی پۆلیس کوشتنی چی و ژنی چی؟ من قوتابی شانۆم لە ئەکادیمی هونەرە جوانەکان و مەشقم لەسەر نواندنی کارێکی (شکسپیر) دەکرد، فەرموون ئەوە شانۆییەکەیە، پاشان ناسنامەکەی زانکۆم دایە دەستی، ئیدی هەمووان بەچاوێکی دیکەوە لە خۆم و ژوورە پەرپوتەکەمیان دەڕوانی.

پۆلیس: داوای لێبوردن دەکەین، ئەو برادەرانە هاتن و بە مەئموری مەرکەزیان وت ئەوە ئەو کرێچییە لە ژوورەکەیدا هەراو نەڕەنەڕیەتی و لەوە دەچێ ژنێکی بردبێتە ژوورەوە و بیەوێ بیکوژێ.

ئیدی خواحافیزییان کرد و چوونە خوارێ، مەرکەزەکەشیان رێك بەرامبەر دەرگای خانووەکەمان بوو.

چەند رۆژێکی نەبرد لە دوا لاپەڕەی رۆژنامەی( ئەلجمهوریە)دا دیمانەیەکم لەگەڵ کرا بوو و وێنەیەکیشمان لەگەڵیادا دانابوو، دەهاتمەوە (ئوم مەهدی) بانگی کردم وتی : سەیر بکە (ئەو لاپەڕەیەی بە جامخانەی دوکانەکەیدا هەڵواسیبوو پیشانی دام) ئەوەم پیشانی هەمووان داوە، تەنانەت بە هامشۆکەرانی بازاڕی (حەنوونە)ش وتوومە ئەوە لای منە.

بە چاو و روویەکی پڕ لە میهر و نەواوە پێشوازی لێکردم، جامێ ئاوی لە شەربەکەی بۆ تێکردم و دایە دەستم پاشان بەرەو ماڵەکە پێشمکەوت، بە هەزار شەڕەشەق توانی ئەو سێ پلیکانەیە ببڕێ دەستێکی بە تاکێکی دەرگاکەوە گرتبوو و دەستەکەی دیکەی بە قۆڵی منەوە

چەند رۆژێکی نەبرد لە دوا لاپەڕەی رۆژنامەی (ئەلجمهوریە)دا دیمانەیەکم لەگەڵ کرا بوو و وێنەیەکیشمان لەگەڵیادا دانابوو، دەهاتمەوە (ئوم مەهدی) بانگی کردم وتی: سەیر بکە (ئەو لاپەڕەیەی بە جامخانەی دوکانەکەیدا هەڵواسیبوو پیشانی دام) ئەوەم پیشانی هەمووان داوە، تەنانەت بە هامشۆکەرانی بازاڕی (حەنوونە)ش وتوومە ئەوە لای منە